دەستگیرکردنی سێ بازرگانی ماددەی هەشبەر لە هەولێر

بەڵێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددە هەشبەرەکانی هەرێم ئەمڕۆ دوشەممە ڕایگەیاند، هێزەکانیان دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دادوەر لە هەولێر، سێ بازرگانی ماددەی هەشبەریان دەستگیرکرد و دەستیشیان بەسەر بڕی زیاتر لە 100 کیلۆگرام حەبی کپتاگۆندا گرت.

بەڵێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددە هەشبەرەکان لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، لەبەردەوامی هەوڵەکانی بەڵێوەبەرایەتیەکەمان لە بەرەنگاربونەوەی ماددە هەشبەرەکان، ڕۆژی 20ی ئەم مانگە دوای کڕکردنەوەی زانیاری و بەدواداچونی بەردەوام و پاش وەرگرتنی بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش، توانرا بازرگانێکی نێودەوڵەتی ماددە هەشبەرەکان لەشاری هەولێر دەستگیربکرێت.

ئاماژەی بەوەشکردوە، لەئەنجامی لێکۆڵینەوە و گۆڵینەوەی زانیاری و هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی ماددە هەشبەرەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، توانرا لەپارێزگای زیقار دو بازرگانی دیکە دەستگیربکرێن، دەستیش بەسەر بڕی 100 کیلۆگرام حەبی هەشبەری کەپتاگۆن

گیرا .